


فەرەنسییەکان بە پیاوی بێوەفا بەرامبەر نیشتیمانەکەی ناوی دەبەن..

# ریبێری لەدژی وڵاتەکەی هاندەری ئەڵمانیا بوو

**رووداوی وەرزشی - DW**

ئەڵمانەکان دەڵێن «ریبێری لەسەر حسابی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی هاندەری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بوو». فەرەنسییەکانیش دەڵێن «ئەگەر ریبێری ئەو کارەی کردبێت بێوەفایی خۆی بەرامبەر وڵاتەکەی دووپاتدەکاتەوە». هەندێک لە راپۆرتە رۆژنامەڤانییەکان، لە ئەڵمانیا رایانگەیاند کە لە یاری پێش کۆتایی یۆرۆی 2016 لەنێوان هەردوو هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و فەرەنسا، فرانک ریبێری یاریزانی یانەی بایرن میونشن هاندەری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بووە، هەرچەندە خۆی فەرەنسییەو پێشتر ئەستێرەیەکی هەڵبژاردەی کەڵەشێرەکان بووە. ئەمەش فەرنسییەکانی تووڕەکردو هەندێک لە دام و دەزگاکانی راگەیاندنی ئەو وڵاتە هێرشیان کردە سەر ریبێری و بە «پیاوی بێوەفا» ناویانبرد.

هەرچەندە ریبێری لەم بارەوە تاوەکو ئێستا هیچ وەڵامێکی بۆ راگەیاندنەکانی ئەڵمانیا و فەرەنسا نەبووە، بەڵام پێشتر زۆرجار راشکاوانە گوتوویەتی «خۆزگە ئەڵمانی بوومایە نەک فەرەنسی». هەروەها گوتوویەتی «ئەڵمانیام لە فەرەنسا خۆشتر دەوێت، چونکە ئەڵمانەکان رێزم لێدەگرن و خۆشیان دەوێم، بەڵام فەرەنسییەکان زۆر سووکایەتیان پێکردووم و خۆشیان ناوێم».

هۆکاری ئەم تووڕەبوونەی ریبێری لە فەرنسییەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەندێک لە فەرەنسییەکان بەهۆی بەردەوام رەخنەگرتن لە ریبێری، ئەو یاریزانەیان ناچارکرد چیدی یاری بۆ هەڵبژاردەی فەرەنسا نەکاتەوە. تەنانەت میدیاکانی فەرەنسا زۆرجار راپرسیان کردووەو ریبێریان بە «ناشیرینترین پیاوی فەرەنسا» دەستنیشانکردووە.


WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (407) سێشەممە 2016/7/12 21ی پووشبەڕ - 2716 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات


"فرمێسکەکانی مێسی سارد و فرمێسەکانی رۆناڵدۆ گەرم بوون"..

# ساڵی مێژوو

"ئەمساڵی باڵۆن دۆر بێ کێشەترین ساڵ دەبێت"


LOTTO

رۆژی 2016/7/18 تیروپشکی چل و هەشتەمین لۆتۆی (رووداوی وەرزشی) لە RUDAW.TV ئەنجام دەدرێت





7 »


## گواردیۆلا لەپێناو مان ستی دەچێتە نێو چەتەکان


4-5 »



## راوێژیش بەشدارە

راوێژ لاوان، یاریزانێکی دیکەی کوردە، کە لە سویدەوە دەگەڕێتەوە کوردستان بۆ ئەوەی لەگەڵ هەڵبژاردەی نیشتیمانیی عێراق بەشداری لە یارییەکانی پاڵاوتن بۆ مۆندیالی 2018ی رووسیا بکات. لەو بارەوە یەکێتی تۆپی پێی عێراق رایگەیاند کە راوێژی کاپتنی یانەی داڵکوردی سویدی بەمنزیکانە ناسنامە و پاسپۆرتی عێراقی وەردەگرێت و پەیوەندی بە پێکهاتەی هەڵبژاردەی عێراقەوە دەکات. ئەگەری ئەوەش هەیە بەشداری لە هەردوو یاری دۆستانەی عێراق بەرامبەر ئۆزبەکستان بکات. راوێژ تەمەنی 28 ساڵە، هێرشبەرەو پێشتر بۆ هەڵبژاردەی لاوانی سوید و یانەی نۆرسلاندی دانیمارکی یاری کردووە.

هێشتا بە فەرمی نەبووەتە یاریزانی یانەی جەوییە..

# میران 350 ملیۆن دینار خاتری هەولێر دەگرێت



● «لەبەر جامی ئاسیا جەوییەم پێباشتر بوو لە زەورا و شورتە و مینا»

● «هەولێر بەڵێنی بە جەوییە داوا مافی دەستبەرداربوون بە میران بدات»

**تایبەت بە رووداوی وەرزشی**

میران خەسرۆ، یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی هەولێر و هەڵبژاردەی عێراق، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ (رووداوی وەرزشی) ئەوە رەتدەکاتەوە گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەی جەوییەی بەغدا بەشێوەیەکی فەرمی مۆرکردبێت و دەڵێت «مۆرکردنی گرێبەستم لەگەڵ یانەی جەوییە تاوەکو ئێستا فەرمی نییە، چاوەڕوانی دەستبەرداربوونەکەم لە یانەی هەولێر دەکەم».

کۆچی یاریزانانی یانەکانی کوردستان بۆ یانەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق لە سەرتاسەری کوردستان درێژەی هەیەو یانە بەشداربووەکانی خولەکانی عێراقیش کەوتوونەتە خۆیان بۆ واژووکردنی گرێبەست لەگەڵ یاریزانە بەتواناکانی کوردستان بۆ ئەوەی سوود لە تواناکانیان ببینن.

میران خەسرۆ، یەکێکە لەو یاریزانانەی بووەتە جێی سەرنج و بایەخی گەورە یانەکانی عێراق، کە جگە لە یانەی جەوییە هەریەک لە یانەکانی شورتە و مینا و زەوراش بەهیوای مۆرکردنی گرێبەستن لەگەڵ ئەم یاریزانە، بەڵام میران بە گرێبەستێکی باش گرێبەستێکی سەرەتایی لەگەڵ یانەی جەوییەی شاری بەغدای مۆرکردووە، ئەگەرچی دەڵێت «هێشتا گرێبەستەکەم بەشێوەیەکی فەرمی مۆر نەکردووە».

میران، خەسرۆ، لەبارەی رۆیشتنی بۆ شاری بەغدا، بە (رووداوی وەرزشی) گوت «راستە من بەشێوەی زارەکی گرێبەستم لەگەڵ یانەی جەوییە کردووە، بۆ ئەوەی لە وەرزی نوێی خولی نایابی عێراق لەگەڵ ئەو یانەیە دەربکەوم، هەرچەندە من گرێبەستم لەلایەن هەریەک لە یانەکانی شورتە و زەورا و میناشەوە پێشکەش کرابوو، بەڵام جەوییەم پێ باشتربوو، چونکە یانەیەکی جەماوەرییە و دواتریش جەوییە بەشداری جامی یانەکانی ئاسیا دەکات، منیش دەمەوێت وەک یاریزانێکی پیشەگەری کورد بوونی خۆم لەو بۆنە نێودەوڵەتییەدابسەلێنم».

میران خەسرۆ، کە ئێستا یاریزانی هەڵبژاردەی نیشتیمانیی عێراقەو لەگەڵیدا بەشداری لە یارییەکانی پاڵاوتن بۆ مۆندیالی 2018ی رووسیا دەکات، لەبارەی گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەی جەوییە گوتی «کارگێڕانی یانەی جەوییە ئەوەیان پێ راگەیاندووم کە گرێبەستێکی باشم پێشکەش دەکەن لە ئەگەری ئەوەی یانەی هەولێر مافی دەستبەرداربوونم پێ بدات، کارگێڕانی یانەی جەوییە بەڵێنیان لە یانەی هەولێر وەرگرتووە بۆ ئەوەی دەستبەرداربوونم بدەنێ».

میران خەسرۆ، ئامادەیە لە بەرامبەر وەرگرتنی دەستبەرداربوونی خۆی، لە هەموو ئەو قەرزەی خۆی خۆشبێت کە لای یانەی هەولێرەو لەو بارەوە گوتی «من بە یانەی هەولێرم گوتووە ئەگەر مافی دەستبەرداربوونم پێبدات ئامادەم لە هەموو ئەو برە پارەیەم خۆشبم کە لای یانەی وەرزشیی هەولێرم ماوەو بڕی 350 ملیۆن دینارە».

لە وەڵامی پرسیارێکی (رووداوی وەرزشی) دا کە ئایا یاریکردنی ئەو لە بەغدا لەم بارودۆخە سیاسییە نا سەقامگیرەدا جۆرێک لە سەرکێشی نییە؟ میران خەسرۆ گوتی «نەخێر، بەهیچ شێوەیەک سەرکێشی و مەترسیدار نییە، چونکە هەڵگورد مەلا محەممەد و کۆمەڵێک یاریزانی دیکەی یانەی هەولێریش لە یانەی جەوییەن، بۆیە هەموو کات من دەمەوێ ئەگەر لە دەرەوەی کوردستانیش بم ئاستی خۆم پێشبخەم و بتوانم لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق و یانەکەم ئاستی باشتر پێشکەش بکەم».

نایەوێ لە بەردەم قەیرانی داراییدا خۆی بەدەستەوە بدات..

# هەولێر راهێنەرێکی تورک دەکاتە ئامانج

◇ بێجان ئیبراهیم: بەمنزیکانە بڕیارێک لەبارەی ئەو یاریزانانەمان دەدەین کە بوونەتە جێگەی بایەخی یانەکانی دیکەی عێراق



**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی - هەولێر**

ئەندامێکی دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشیی هەولێر، بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند تاوەکو ئێستا هیچ راهێنەرێکیان نەدۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی بە راهێنەری تیپەکەیانی دەستنیشان بکەن و گوتی «هەرچەندە راهێنەر زۆرن بۆ ئەوەی ئەرکی مەشقی یانەکەمان وەربگرن، بەڵام هێشتا کەسمان بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان نەکردووە».

قەیرانی دارایی بەرۆکی سەرجەم یانەکانی کوردستانی گرتووە، بەڵام نەیتوانیوە بەیەکجاری وەرزشیی کوردستان ئیفلیج بکات، یانەکان خۆیان بەدەستەوە نادەن و دەیانەوێ بێجگە لە خولەکانی سەر ئاستی کوردستان، بەشداری لە خولەکانی سەر ئاستی عێراقیش بکەن، هەرچەندە ئەو قەیرانە داراییە وایکردووە زۆر لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکانی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی گرێبەستی گەورە روو لە یانەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق بکەن، ئەمەش کاریگەری بەسەر ئاستییانەوە دەبێت، بەتایبەتیش یانەیەکی وەک هەولێر، کە زۆر لە یاریزانە باشەکانی بوونەتە جێی سەرنج و بایەخی گەورە یانەکانی عێراق، لەگەڵ ئەوەشدا یانەکەی پایتەخت بڕیاریداوە بەشداری وەرزی نوێ خولی نایابی عێراق بکات، بە مەرجێک حکومەت هاوکاری بێت، بۆ ئەو مەبەستەش بەدوای راهێنەرێکی بەتواناادا دەگەڕێت بۆ ئەوەی سەرپەرشتی مەشقی تیپەکەی بکات.

بێجان ئیبراهیم، ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر، لەو بارەوە بە (رووداوی وەرزشی) گوت «ئێمە وەک دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشیی هەولێر ئومێدی بەشداریکردنمان لە خولی عێراق یەکجار زۆرە بە ئەوەی ناوی یانەی هەولێر بە گەورەیی بهێڵینەوە لە سەرتاسەری عێراق، بڕیاری بەشداریکردنمان داوە، بە مەرجی ئەوەی حکومەتی هەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەکان هاوکاریمان بکەن بۆ ئەوەی درێژە بە کاروانی وەرزشیی و رکابەری بدەین لەگەڵ یانەکانی سەرجەم عێراق».

لەبارەی دیاریکردنی ستافی راهێنەرانیش، بێجان گوتی «ناو هەیە بۆ ئەوەی ئێمە بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ ئەنجام بدەین، بەڵام ئێستا دەمانەوێت پێش چاومان روون بێت، ئایا ئێمە هاوکاری دەکرێین و بەشدار دەبین لە خولەکە بۆ ئەوەی بتوانین بە فەرمی دەست بە ئامادەکاری بکەین». هەروەها ئەو بەرپرسەی یانەی هەولێر گوتیشی «ئێستا سیڤییەکمان لەژێر دەستە، کە راهێنەرێکی تورکە و لە خولی نایابی تورکی ئەرکی چەندین یانەی لەئەستۆ گرتووەو ئەنجامەکانیشی وەک پێویست بوونە، ئەو چۆشکان دمیریاکانە، بەڵام هێشتا بە فەرمی هیچ گفتوگۆیەکمان لەگەڵی نەکردووە، ئێمە هێشتا چاوەڕێ دەکەین، نامانەوێ پەلە بکەین لە بڕیاردان، کەی ئێمە کارەکانمان تەواوبوو ئەوکات دەستەی کارگێڕی بڕیار لەسەر هێنانی راهێنەرێک دەدات».

لەبارەی رۆیشتنی یاریزانانی کوردیش، بێجان گوتی «ئەوانە هەمووی یاریزانی ئێمەن و گرێبەستی دوو ساڵیان لەگەڵ یانەی هەولێر هەیە، یاریزانانی بەتوانان بۆیە یانەکانی دیکە چاویان لەسەریانە، هەوڵدەدەین لە ئایندەیەکی نزیکدا بڕیارێک لەبارەی ئەو یاریزانانەمان بدەین و هیوامان زۆرە بۆ ئەوەی بتوانین کاری باشتر بکەین».

6 یانە داوای دەکەن..

# هاوکار لەتیف بەرناکەوێ

«ئامادەم بە 10 ملیۆن دینار کەمتر لە یانەکانی دیکە یاری بۆ یانەی نەورۆز بکەم»



**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی - سلێمانی**

هاوکار لەتیف، باشترین یاریزانی وەرزی رابردووی خولی نایابی کوردستان، تایبەت بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند کە چەندین یانەی کوردستان لە هەوڵدان بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ ئەو و گوتی «لەلایەن زیاتر لە 6 یانەی کوردستانەوە گرێبەستم پێشکەش کراوە بۆ ئەوەی یارییان بۆ بکەم».

هاوکار لەتیف، یاریزانی یانەی نەورۆز و هەڵبژاردەی کوردستان، دوای پێشکەشکردنی ئاستێکی بەرز لە وەرزی رابردووی خولی نایابی کوردستان، بووە جێگەی سەرەنجی چەندین یانە، بۆیە کەوتنە هەوڵدان بۆ ئەوەی بە زووترین کات ئەو یاریزانە رازی بکەن یاری لە ریزی یانەکانیان بکات، هەرچەندە یانەکان لە شاری دهۆک، هەولێر و سلێمانین، بەڵام هاوکار چاوەڕێی یانەی نەورۆز دەکات بۆ ئەوەی دوا بڕیاری خۆی لە بارەوە بدات.

هاوکار لەتیف، لەبارەی جێهێشتنی ریزەکانی یانەی نەورۆز، بە (رووداوی وەرزشی) گوت «من ئەمساڵ توانیم ئاستێکی باش پێشکەش بکەم لە خولی کوردستان، بۆیە چەند یانەیەک داوایان کردوومە کە زیاتر لە 6 یانەیە، بەڵام نامەوێ ناوەکانیان ئاشکرا بکەم، چونکە من لەگەڵیان لە گفتوگۆدامە، ئەگەر لەگەڵ یانەی نەورۆز رێکنەکەوتم رەنگە یەکێک لەو 6 یانەیە هەڵبژێرم، کە لە شاری هەولێرو دهۆک و سلێمانین».

هاوکار لەتیف، ئاشکرایکرد کە یانەی نەورۆزیش داوای نوێ کردنەوەی گرێبەستی لێکردووە، بەڵام لەوانەیە نرخی ئەو پارەیەی ئەو داوای دەکات، بەربەستێک بێت لەبەردەم ئەو گرێبەستە «بەرپرسانی یانەی نەورۆز داوای نوێکردنەوەی گرێبەستەکەم لێدەکەن، منیش پێم راگەیاندوونە کە رازیم بە 10 ملیۆن دینار کەمتر لەو گرێبەستانەی پێشکەشم کراون گرێبەستەکەم نوێ بکەمەوە، ئەگەر ئەوان ئامادەبن ئەو برە پارەیەم پێبدەن من لە یانەکەم ناڕۆم و هەر بۆ یانەی نەورۆز یاری دەکەم». هەورەها هاوکار گوتیشی «من بەڵێنم پێداون ئەگەر مافی تەواوی خۆم پێبدەن، هەر لە سلێمانی دەبم و خزمەتی یانەی نەورۆز دەکەم بۆ ئەوەی ئاستێکی باشتر لەگەڵ ئەوان پێشکەش بکەم، بەڵام ئەگەر ئەو مافە سروشتییەم پێ نەدرێت، لەوانەیە بڕیاری دیکە بدەم، کە تاوەکو ئێستا خۆم یەکلایی نەکردووەتەوە».

لە وەڵامی پرسیارێکی (رووداوی وەرزشی)دا، کە بۆچی ناتەوێ ناوی ئەو 6 یانەیە ئاشکرا بکەی، کە داوای گرێبەستت لێدەکەن؟ هاوکار لەتیف گوتی «یانەکان خۆیان حەز ناکەن ناوەکانیان ئاشکرا بکەم، لەلایەکی دیکەشەوە بەرپرسانی یانەی نەورۆز پێیان ناخۆشە گفتوگۆ لەگەڵ یانەیەکی دیکە بکەم، بۆیە من ئێستا لە چاوەڕوانی ئەوەم گفتوگۆ لەگەڵ یانەی نەورۆز دەستپێبکەم، ئەگەر نەگەیشتوومە رێککەوتن، ئەوکات بیر لە بژاردەی دیکە دەکەمەوە بۆ ئەوەی بتوانین خزمەتی زیاتر بە وەرزشیی کوردستان بکەین».







ئینتەرنێتی EXTRA G بە ئارەزووی خۆت لەگەڵ 3 کەس بەش بکە

ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئیکسترا و ئیکسترا VIP و ئیکسترا پلەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەری "بژاردەکانم" بکە لەرێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێک بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێک کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێک دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پلەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 رۆژ | 30 رۆژ | 30 رۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

411
korektel.com

KOREK

ڕووداو وەرزشی
ژمارە ( 407 )
سێشەممە 2016/7/12



## تووڕەیە

ڕۆژنامەی ASی ئیسپانی نهێنییەکی نێو ماڵی یانەی ڕیال مەدریدی ئاشکراکردو ڕایگەیاند کە زەینەدین زێدانی ڕاهێنەری یانەی شاهانە زۆر تووڕەیە لە جیمیس ڕۆدریگزی ئەستێرەی کۆلۆمبی یانەکەی و بڕیاریداوە چیدی ئەو یاریزانە یاری بۆ ڕیال مەدرید نەکاتەوە، چونکە هیچ حسابی بۆ زێدان نەکردووە. بەپێی ئەو ڕۆژنامەیە «زێدان بە ڕۆدریگزی گوتووە بگەڕێتەوە مەدرید بۆ ئەوەی دەست بە مەشقەکانی بکاتەوە، بەڵام ئەو حسابی بۆ قسەکانی زێدان نەکردووەو لەگەڵ خێزانەکەی لە گەشتدایە، ئەمەش زێدانی زۆر تووڕە کردووەو بڕیاریداوە بە هەر نرخێک بێت بیفرۆشێت».

### لەدوای فینالی یۆرۆ..

# 2016 ساڵی مێژوویی ڕۆناڵدۆ و پورتوگال

**ئا: ئیحسان تامیر**

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ و هەڵبژاردەی پورتوگال، سەرەڕای ئەوەی بەر لە پاڵەوانیەتی یۆرۆی 2016 کەس حسابی بۆ نەدەکردن، هەموو پێشبینییەکانیان سەراوژێر کرد و باشترین ساڵیان لە مێژووی خۆیان تۆمارکرد. ئەمانە چەند ڕووداو، ئامار و بەسەرهاتی دوای یاری فینالی پاڵەوانیەتی جامی نەتەوەکانی ئەوروپای 2016ی فەرنسان.

* هەرچەندە لە ناوەڕاستی وەرزی ڕابردوودا کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی ڕووبەڕووی زۆرترین ڕەخنە بووەو کە ئاستی بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزی و چاودێران پێشبینیان کرد یانەی ڕیال مەدرید بە سەرۆکایەتی ئەو وەرزێکی زۆر خراپ بەڕێبکات، کەچی لەدواییدا ڕۆناڵدۆ و ڕیال مەدرید توانیان ببنە پاڵەوانی چامپیۆنسلیگ. لەسەر ئاستی هەڵبژاردەش کەس حسابی بۆ هەڵبژاردەکەی ڕۆناڵدۆ لە یۆرۆدا نەکرد و تەنانەت قۆناخی یەکەمیشیان زۆر بە زەحمەت و بە پلەی سێیەم بەڕێکرد، کەچی لە کۆتاییدا بوونە یەکەمی ئەوروپا، لەبەرئەوە ئەمساڵی ڕۆناڵدۆ بە باشترین ساڵی تەمەن لەمێژووی خۆیدا دادەنرێت، چونکە لەسەر ئاستی یانە و هەڵبژاردە بووە پاڵەوانی ئەوروپا و دەکرێت ساڵی 2016 بە ساڵی مێژوویی بۆ ڕۆناڵدۆ دابنرێت، چونکە خەڵاتی باڵۆن دۆریش تا ڕادەیەکی زۆر مسۆگەر کردووەو دەبێتە خاوەنی 4 باڵۆن دۆر لە مێژوودا، کە کەس پێشتر ئەوەندەی نەبردووەتەوە، بێجگە لە لیۆنێل مێسی ئەرجەنتینی کە ئەویش خاوەنی 5 باڵۆن دۆرە. لەوانەیە ئەمساڵی باڵۆن دۆری بێ کێشەترین ساڵ بێت، چونکە ڕۆناڵدۆ هەر لە ئێستاوە مسۆگەری کردووەو ژمارەکانی شایەتی بۆ دەدەن. ئەو لەم وەرزەدا جامی یۆرۆ و چامپیۆنسلیگی بردووەتەوە. بووەتە گۆڵکاری چامپیۆنسلیگ بە 16 گۆڵ. 54 گۆڵی بۆ ڕیال مەدرید تۆمارکردووە. خاوەنی 6 هاتریکە بۆ ڕیال مەدرید. بە هاوبەشی لەگەڵ میشێل پلاتینی ئەفسانەی تۆپی پێی فەرەنسا گۆڵکاری مێژووی یۆرۆیە بە تۆمارکردنی 9 گۆڵ. هەروەها هەڵبژاردەی پورتوگالیش بۆ یەکەمجارە لە مێژووی خۆیدا نازناوی ئەوروپای بردەوە.

* فرمێسکەکانی ڕۆناڵدۆ، لە خولەکی 25 کە بەهۆی پێکران و جێهێشتنی یارییەکە ڕژاندی هەمان فرمێسکەکانی لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی بەبیری جیهان هێنایەوە، کە ئەویش ئەمساڵ لە یاری کۆتایی کۆپا ئەمریکادا ڕشتی بەهۆی لەدەستدانی نازناوەکە. هەر زوو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا وێنەی فرمێسکەکانی هەردوو باشترین ئەستێرەی جیهان خرانە تەنیشت یەک و لێکچواندنیان بۆ کرا، کە لە ڕاستیدا هەردوو یاریزانەکە بەهۆی خۆشەویستییان بۆ وڵاتەکانیان ڕشتیان، بەڵام لە کۆتاییدا فرمێسکەکانی ڕۆناڵدۆ گەرم بوون، چونکە هاوڕێکانی نەیانهێشت خەونی ئەو بەهۆی پێکانەوە لەباربچێت و نازناوەکەیان بۆ بردەوە. بەڵام فرمێسکەکانی مێسی بە ساردی مانەوە.

* ڕۆژنامەی ریکۆردی پورتوگالی لەبارەی فرمێسەکانی ڕۆناڵدۆ نووسیویەتی «فرمێسکەکانی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لە فرمێسەکانی بێئومێدی لە چاوەوە گۆڕان بۆ فرمێسکەکانی خۆشی لە دڵەوە». هەروەها لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا زۆر باسی ئەو پەپۆلەیە کرا کە لە کاتی پێکاندا لەسەر چاوی ڕۆناڵدۆ نیشتییەوەو هەندێک نووسیبوویان «ئەوە دیاری خوا بوو بۆ ڕۆناڵدۆ، ئەو پەپۆلەیە بە ڕۆناڵدۆی گوت مەگری تۆ دەبیتە پاڵەوانی ئەوروپا».

* هەڵبژاردەی پورتوگال لە یاری فینالدا لە فەرەنسای بردەوە سەرەڕای ئەوەی بەدرێژایی 90 خولەک تەنیا تۆپێکی لە ڕێگەی نانییەوە ئاراستەی گۆڵی فەرەنسای کرد.

* یاریگەی دو فرانس گرێکوێرەی ڕۆناڵدۆیەکانە، چونکە ساڵی 1998 ڕۆناڵدۆی دیاردەی بەرازیلیش لە یاری فینالی مۆندیالدا لەسەر ئەم یاریگەیەدا بەدەست پێکانەوە دەناڵاند.

* دایکی ڕۆناڵدۆ دڵنیایە، کە پایێی یاریزانی فەرەنسی بە ئەنقەست لە کوڕەکەی داوە بۆ ئەوەی تووشی پێکان بێت، کە پزیشکانی پورتوگالی پێشبینی دەکەن پێکانەکەی دۆن زۆر قورس بێت.

* یەکێک لە دیاردە سەرنجڕاکێشەکانی یاری فینال لێشاوی مێشوولە بوو بۆ سەر یاریگەکە، کە هەموو لایەکی بە یاریزانان و هاندەرانەوە بێزار کردبوو، ڕێکخەرانی پاڵەوانیەتییەکە زۆر هەوڵیاندا دووریان بخەنەوە، بەڵام نەیانتوانی.

* لە لێدوانێکی سەرنجڕاکێشدا ئارێن ڕۆبنی ئەستێرەی هەڵبژاردەی هۆڵەندا، پورتوگالییەکانی تووڕە کردو گوتی «هەڵبژاردەی پورتوگال تەنیا بە چانس نازناوی یۆرۆی بردەوە، چونکە لەچاو هەڵبژاردەکانی ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، ئیسپانیا و فەرەنسا هەڵبژاردەیەکی بچووکە».

* لە دیمەنێکی سەرنجڕاکێشدا دیدی دیشامپی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی فەرەنسا لە کاتی پێکرانی ڕۆناڵدۆ چووە لای کریس و دڵنەوایی کرد. بەڵام ئەوکاتەی ڕۆناڵدۆ لە پشت هێڵی یاریگەوە ڕێنمایی دەدایە یاریزانە هاوڕێکانی، دیشامپ لای ناوبژیوانی چوارەمی یارییەکە شکایەتی لە ڕۆناڵدۆ کرد و پێیگوت ئەو مافی ئەوەی نییە لەم شوێنە بێت.

* ڕۆژنامەی جۆگۆی پورتوگالی بەر لە یاری فینال، فەرەنسییەکانی زۆر تووڕە کرد، چونکە سووکایەتی بە یاریزانانی فەرەنسا کردو وێنەی 11 سەرکە کەڵەشێری لە پێکهاتەی فەرنسا دانابوو، لە تەنیشتیشیانەوە وێنەیەکی ڕۆناڵدۆی دانابوو، وەک ئەوەی چاوەڕوانیان بێت بۆ ئەوەی سەریان ببڕێت.

* بەم دەستکەوتە هەڵبژاردەی پورتوگال بووە حەفتەم هەڵبژاردەی بەشداربوو لە جامی کیشوەرەکانی ساڵی 2017 لە ڕووسیا، کە پێشتریش بەشداریکردنی هەریەک لە هەڵبژاردەکانی ئەڵمانیای پاڵەوانی جیهان و ڕووسیای میواندار ئاشکرا بووە. پێشتریش هەڵبژاردەکانی ئۆستralیا (پاڵەوانی ئاسیا)، نیوزیلەندا (پاڵەوانی یەکێتی ئۆقیانۆسیا)، مەکسیک (پاڵەوانی کۆنکاکاف) و چیلیش (پاڵەوانی ئەمریکای باشوور) بەشداریان لەو پاڵەوانیەتییەدا مسۆگەر کردووە.

* بەهۆی ئەم بردنەوەیەی پورتوگال، هەر یاریزانێکی ئەو هەڵبژاردەیە زیاتر لە 300 هەزار یۆرۆ وەک پاداشت وەردەگرێت.



**ئارێن ڕۆبن: پورتوگال بە چانس یۆرۆی بردەوە، چونکە لەچاو ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و فەرەنسا هەڵبژاردەیەکی بچووکە**

**«دیشامپ دڵی ڕۆناڵدۆ دەداتەوە و شکایەتیشی لێدەکات»**

**«پەپۆلەیەک یەکەم کەس بوو مۆژدەی پاڵەوانی بە ڕۆناڵدۆ دا»**

**«یاریگەی دو فرانس گرێکوێرەی ڕۆناڵدۆیەکانە»**

### بە تاکە لێدانی خۆی لە یۆرۆ و بە تاکە گۆڵی فەرمی لە ژیانی خۆیدا..

# ئیدێر بووە پاڵەوانی نەتەوەیی پورتوگال

**ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC**

لەوانەیە بڕوا بەوە نەکەی کە یاریزانێک لە یۆرۆی 2016دا تەنیا لێدانێکی بۆ گۆڵی تیپەکانی بەرامبەر هەبووە، بەڵام هەر بەو تاکە لێدانە جامی یۆرۆی بۆ هەڵبژاردەی پورتوگال بردووەتەوە. هەروەها تاکە گۆڵی فەرمیشە ئەو یاریزانە بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی تۆماربکات.

فرناندۆ سانتۆس، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، لویس نانی، پیپێ و یاریزانانی دیکەی پورتوگالیش بە درێژایی پاڵەوانیەتی یۆرۆی 2016 هەموو کۆششەکانیان خستەگەڕ بۆ ئەوەی موعجیزە دروست بکەن و توانیشیان بەو خەونە بگەن، بەڵام کاریگەری یاریزانێک کە کەمترین ماوە بەشداری لە یارییەکان کرد، لە هەموو ئەمانە زیاتر بوو بۆ گەیشتن بە خەونەکە. ئەویش ئیدێرزیتۆ ئەنتۆنیۆ ماکیدۆ لۆپێزە، کە بە ئیدێر دەناسرێت. ئەو لە یاری فینالدا وەک یاریزانێکی یەدەگ بەشداری کرد و لە خولەکی 109دا بەلێدانێک لە دەرەوەی هێڵی سزا، توانی گۆڵی بردنەوەی پاڵەوانیەتییەکە لە فەرەنسا تۆماربکات و ناوی خۆی و وڵاتەکەی بە پیتی زێڕین لە مێژووی ئەوروپادا بنووسێت. سەیر لەوەدایە کە ئەو یاریزانە لە یۆرۆدا تەنیا ئەو تاکە لێدانەی بۆ گۆڵی تیپەکانی بەرامبەر هەبووە، بەڵام بێگومان بە نرخترین لێدانە لە مێژووی تۆپی پێی پورتوگالدا.

ئیدێر، تەمەنی 28 ساڵە، ئێستا یاری بۆ یانەی لیلی فەرەنسی دەکات، پێشتریش یاری بۆ 6 یانە کردووە، گرنگترینیان سپۆرتینگ براگی پورتوگالی و سوانزی ستی ئینگلیزی بوونە. تەنیا 5 گۆڵی بۆ هەڵبژاردەی پورتوگال تۆمارکردووە، بەڵام ئەم گۆڵەی تاکە گۆڵە کە لە پاڵەوانیەتییەکی فەرمیدا بۆ هەڵبژاردەی پورتوگال تۆماری کردبێت. ئەو بەر لە یۆرۆ گوتی «لەوانەیە ببمە گۆڵکاری یۆرۆ»، نەیتوانی ئەوە بکات، بەڵام بووە خاوەنی بەنرخترین گۆڵی یۆرۆ و بەو هۆیەوە لەلایەن پورتوگالییەکانەوە نازناوی «دڵخۆشکەر و پاڵەوانی نەتەوەیی پورتوگالی» پێدرا.



**5 گۆڵی بۆ پورتوگال تۆمارکردووە، تەنیا گۆڵەکەی ئەمجارەی لە پاڵەوانیەتییەکی نێودەوڵەتیدا بووە**

### ئەگەرنا دەبێ 18 ملیۆن یۆرۆ بژمێرێت..

# مێسی ناچارە پاشگەز ببێتەوە

**ڕووداوی وەرزشی ـ THE SUN**

ڕۆژنامەی THE SUNی بەریتانی ڕایگەیاند، هۆکارێکی بەهێز هەیە ئەستێرەی ئەرجەنتینی لیۆنێل مێسی ناچار دەکات، لە بڕیاری وازهێنانی نێودەوڵەتی پاشگەز بێتەوەو نووسیویەتی «ئەگەر مێسی پاشگەز نەبێتەوە، دەبێ 18 ملیۆن یۆرۆ بۆ کۆمپانیایەک بگەڕێنێتەوە».

لیۆنێل مێسی، دوای دۆڕانی یاری کۆتایی کۆپا ئەمریکا 2016 لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەرامبەر چیلی بە لێدانی یەکلاییکەرەوە، بڕیاریدا واز لە یاری نێودەوڵەتی بهێنێت و دوای هەوڵ و داواکاری بەشێکی زۆری جیهان، مێسی هێشتا بڕیاری نەداوە پاشگەز بێتەوەو جارێکی دیکە بگەڕێتەوە ریزەکانی هەڵبژاردەی تانگۆ، ئەم بێدەنگییەی مێسی لەبەرامبەر ئەو هەموو داواکارییە جۆرێک لە نا ئومێدی لای هەوادارانی ئەو یاریزانە دروستکردووە، بەڵام ڕاپۆرتەکان ڕوونیان کردووەتەوە، مێسی پابەندی گرێبەستێکە لەگەڵ کۆمپانیای ئەدیداسی ئەڵمانی، کە دەبێت بە بەهای 18 ملیۆن یۆرۆ درێس و پێڵاوی کۆمپانیاکە لەگەڵ تانگۆ لەبەر بکات. مێسی گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیایەکی دیکەش (نایکی) هەیە، بەڵام لەسەر درێسی بارسیلۆنا، بۆیە ئەدیداس بەو بڕیارەی مێسی زۆر زەرەر دەکات.

ڕۆژنامەی THE SUNی بەریتانی، لەو بارەوە لە ڕاپۆرتێکدا نووسیویەتی «ئەگەر مێسی لەسەر بڕیارەکەی موکڕ بێت، ئەدیداس داوا لە مێسی دەکات ئەو بڕە پارەیە بگەڕێنێتەوە، کە لە بەرامبەر واژووکردنی گرێبەستەکە وەریگرتووە، لەبەر ئەوەی مەرجەکانی گرێبەستەکەی شکاندووە». هەروەها ڕۆژنامە بەریتانییەکە دەشڵێت «بێجگە لەوەش بە هەڵوەشانەوەی گرێبەستەکەی مێسی لەگەڵ ئەدیداس یەکێتی تۆپی پێی ئەرجەنتینیش لە ڕووی داراییەوە زۆر زەرەرمەند دەبێت».

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئیسپانیا، پێیانوایە ئەو پشێوییە ئابوورییە و گرێبەستە داراییە گەورانە، لەوانەیە لیۆنێل مێسی ناچار بکەن لە بڕیاری وازهێنانی پاشگەز بێتەوە.



ژمارە ( 407 )
سێشەممە 2016/7/12



## درۆیە

دوای ئەوەی هەندێک لە دام و دەزگاکانی راگەیاندن ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە نێوانی هەردوو هێرشبەری فەرەنسی، ئۆلیڤەر جیرۆ و کەریم بنزیمە تێکچووەو ئەو دووانە قسەیان لەنێواندا نەماوە، جیرۆ لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا ئەو هەواڵەی بەدرۆخستەوەو رایگەیاند کە دوورە لە راستی و لەو بارەوە گوتی «درۆیە، من پێکەنینم بەو قسانە دێت، چونکە هیچ کێشەیەکم لەگەڵ بنزیمە نییە، هەمیشە بە چاوی هاوڕێیەتی سەیری دەکەم، ئەو یاریزانێکی بەتوانایە و هەمیشە بە هێرشبەری هەڵبژاردەی فەرەنسا دەمێنێتەوە».

### بڕوا بکەی یان نا؟!

# راهێنەری هەڵبژاردەی رووسیا ژنێکە



**رووداوی وەرزشی ـ RT**

تیهانا نیمشیچ، راهێنەری تیپی ڤیکتۆریا فۆیاکۆڤاچ لە خولی پلە پێنجی کرواتیا، خزمەتەکانی خۆی پێشکەشی یەکێتی تۆپی پێی رووسیا کرد، بۆ ئەوەی ببێتە راهێنەری هەڵبژاردەی رووسیا، دوای لادانی راهێنەرەکەی لیۆنید سلۆتسکی، دوای دەرچوون لە قۆناخی کۆمەڵەکان لە یۆرۆی 2016.

پاکێچی ئەو راهێنەرە کرواتییە، دوای لێدوانەکانی ڤیتالی مۆتکۆی وەزیری وەرزشی رووسیا دێت، کە دوای دەستبەرداربوون لە خزمەتەکانی سلۆتسکی، گوتی «هەموو کەسێک دەتوانێت ببێتە راهێنەری هەڵبژاردەی رووسیا، ئەگەر ژنێکیش بێت»، وەک هێمایەک بۆ بوونی چەندین پاڵێوراو، کە لەوانەیە ئەو پاکێچە ببێتە مایەی شەرمەزاری بۆ ئەو وەزیرە رووسییە.

تیهانا، لە لێدوانەکانیدا بۆ رۆژنامەی لیبۆرنیای کرواتی، دەڵێت «شەرەفێکی گەورە دەبێت بۆ من ببمە راهێنەری هەڵبژاردەی رووسیا، ئەو شتە دەبێتە مایەی دڵخۆشی بۆ هەموو کەسێک، کە کارەکەی خۆی خۆشدەوێ، ببێتە راهێنەری هەڵبژاردەی وڵاتێکی گەورەو بەهێزی وەک رووسیا». هەروەها دەشڵێت «من باوەڕم بەوە هەیە لە زۆر لایەنەوە ژن لە پیاو باشترە، نەخاسمە لە رووی مامەڵەکردن لەگەڵ یاریزانان لەلایەنی دەروونییەوە، گرنگە جیاوازی لەنێوان هەستە جۆراوجۆرەکان بکرێت، کە لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکی بەشێوەیەکی گشتی و لەگەڵ وەرزشوانان بەشێوەیەکی تایبەتی ناتوانی دەستبەرداری بیت».

ئەو راهێنەرە تەمەن 28 ساڵییە ئاماژەی بە هەندێ کێشەی هەڵبژاردەی رووسیا کرد و گوتی «گۆڵی زۆر تۆمار ناکات، چونکە هێرشبەرێکی گۆڵکاری نییە بەرامبەر گۆڵ».

تیهانا، بێجگە لە کاری راهێنەرایەتی، وەک نمایشکاری جلوبەرگیش کار دەکات، خۆیشی دەرچووی بەشی دەروونناسییە لە زانکۆی زەگرب لە کرواتیایە.

### بە دوو قسە لە چوونە ریال مەدریدی پاشگەز کردەوە..

# مۆرینیۆ بە یەک تەلەفۆن دی خیای رازیکردووە

**رووداوی وەرزشی ـ THE SUN**

هاوڕێیەکی دێڤید دی خیا، گۆڵپارێزی ئیسپانی نهێنی پاشگەزبوونەوەی ئەو گۆڵپارێزە لە چوونە ریزەکانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی ئاشکرا دەکات و دەڵێت «خۆزێ مۆرینیۆی راهێنەری نوێی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی بە تەلەفۆن دی خیای رازیکردووە لەگەڵ یانەکەی بمێنێتەوە».

دی خیا، کە دەیویست بچێتە ریال مەدرید، بەشێوەیەکی لەناکاو رای خۆی گۆڕی و دووپاتیکردەوە لە وەرزی داهاتوو لە مانچستەر یونایتد دەمێنێتەوەو بەنیاز نییە بچێتە ریزەکانی ریال مەدرید.

دوای ئەوەی رۆژنامەی THE SUNی ئینگلیزی بڵاویکردەوە دی خیا رایگەیاندووە بەنیاز نییە وەرزی داهاتوو بچێتە ریزەکانی ریال مەدرید و گوتوویەتی «من لە مانچستەر یونایتد دەمێنمەوە». هاوڕێیەکی دی خیا نهێنی ئەو هەڵوێستە نوێیەی دی خیای ئاشکرا کرد و گوتی «مۆرینیۆ رۆڵێکی گەورەی لە رازیکردنی دی خیا و مانەوەی هەیە، بەردەوام لە رێگەی مۆبایل نامەی بۆ دەنارد و پێیدەگووت لەگەڵ تیپەکە بەردەوام بە و لەپێناوی من یاری بکە». هەروەها ئەو هاوڕێیەی دی خیا گوتیشی «مۆرینیۆ بە تەلەفۆنێک رای دی خیای گۆڕی، ئەگەرنا ئەگەر لویس ڤان گال لە مانچستەر یونایتد بەردەوام بایە، دی خیا ئێستا یاریزانی ریال مەدرید دەبوو».

دی خیا، وەرزی رابردوو بڕیاریدا لە مانچستەر یونایتد بڕوات، دوای ئەو گرێبەستە باشەی لە ریال مەدریدەوە پێیگەیشت، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە شاری مەدرید و لە تەنیشت کچە دۆستەکەی، ئیدۆرین نیشتەجێ بێت، ریال مەدرید بڕی 47 ملیۆن پاوەندی بۆ تەرخان کردبوو، بەر لە کۆتایی هاتنی ماوەی دانی مەرجی سزایی، بۆ کڕینی ئەو یاریزانە. لەلایەکی دیکەوە فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی ریال مەدرید، لەو را گۆڕینەی دی خیا زۆر تووڕەیە، چونکە بەڵێنی لە دی خیا وەرگرتبوو کە لە وەرزی داهاتوودا دەبێتە گۆڵپارێزی یانەکەی ئەو.



### لەپێناو مانچستەر سیتی ژیانی خۆی خستووەتە مەترسییەوە..

# گواردیۆلا لەنێو چەتەکاندا دەژیت



**رووداوی وەرزشی ـ DW**

پیپ گواردیۆلای ئیسپانی، راهێنەری تازەی یانەی مانچستەر ستی ئینگلیزی، لەپێناو بەرژەوەندی یانەکەی بڕیاریداوە لە یەکێک لە ترسناکترین شوێنەکانی شاری مانچستەر نیشتەجێ بێت، کە شوێنی چەتە و دز و رێگرەکانە.

گواردیۆلا، بڕیاری داوە واز لە خۆشگوزەرانی لەنێو کۆشکەکان بهێنێت، بۆیە شوقەیەکی لە ناوەڕاستی شاری مانچستەر بۆ ژیان بردنە سەر دەستنیشان کردووە، بۆ ئەوەی لە بارەگای یانەکەی نزیک بێت و لەنێو هاندەرانی شارەکە بێت، چ لایەنە شینەکەی یان لایەنە سوورەکەی. بەڵام بە گوێرەی رۆژنامەی THE SUNی ئینگلیزی، ئەو بڕیارەی گواردیۆلا دوایەتی، لەوانەیە بڕیارێکی دانایانە نەبێت، چونکە ناوچەی سالفرۆد کە شوقەکەی گواردیۆلای تێدایە، بە ناوەڕاستی ئەو ناوچەیە دادەنرێت، کە هانی مانچستەر یونایتد دەدەن لەو شارەدا، هەروەها بە ترسناکترین شوێن دادەنرێت لە هەموو بەریتانیا.

ئەو رۆژنامە بەریتانییە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو ناوچەیە بووەتە شوێنی کوشتنی یەکێک لە گەورە سەرکردەی چەتەکان لە ئینگلتەرا، یەکێکیشە لەو شوێنانەی زۆرجار چەتەکان تێیدا بە چەک رووبەڕووی یەکدی دەبنەوە.

گواردیۆلا کۆتایی بە ماوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی هێنا، بۆ ئەوەی گرێبەست لەگەڵ مانچستەر ستی ئینگلیزی بکات، لە یەکەم ئەزموونی لە پریمەرلیگدا.



هیچ لێدانێکی سزا جێبەجێ ناکەمەوە تاوەکو ماوەی 2 یان 3 مانگ راهێنانێکی باشیان لەسەر دەکەم، ئەوکات لەوانەیە دەست بە لێدانیان بکەمەوە

تۆماس مۆلەر
(هێرشبەری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا)



ئەگەر جارێکی دیکەش لێدانی سزا لێبدەمەوە هەر بەو شێوەیەی بۆ نویەرم لێدا لێیدەدەمەوە، من توانیم فێڵ لە نویەر بکەم، بەڵام بەداخەوە تۆپەکە بەرزبووەوە

سیمیۆنی زازا
(یاریزانی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا)



خولی فەرەنسا لە قەبارەی تواناکانی من و ئەو یانانەی پێشتر یاریم بۆ کردوون نەبوو، بەڵام من واملێکرد بایەخ بەو خولە بدرێت

زڵاتان ئیبراهیمۆڤیچ
(هێرشبەری یانەی مانچستەر یونایتد)



رێز لە بڕیاری مێسی دەگرم کە وازی لە یاری نێودەوڵەتی هێناوە، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانێت کە تۆپی پێ بە بێ مێسی واتە هیچ

نەیمار دا سیلڤا
(ئەستێرەی هەڵبژاردەی بەرازیل)



ئەگەر شڤاینشتایگەر بیەوێ خۆشەویستی خۆی لای جەماوەری ئەڵمانیا لەدەستنەدات و هەر بە گەورەیی بمێنێتەوە، پێویستە واز لە یاریکردنی نێودەوڵەتی بێنێت

فرانز بیکنباوەر
(ئەفسانەی تۆپی پێی ئەڵمانیا)



کاتێک رۆناڵدۆ تووشی پێکان بوو، هەموومان بەڵێنمان دا لەبەر خاتری ئەو جامەکە ببەینەوەو توانیمان ئەو کارە بکەین

پیپی
(یاریزانی هەڵبژاردەی پورتوگال)



**هەڵەیە**

ئەلیساندرۆ دلپییرۆی ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا، هۆشداری دەداتە پۆل پۆگبای ئەستێرەی لاوی هەڵبژاردەی فەرەنسا لە جێهێشتنی ریزەکانی یانەی یوڤانتۆس و ئامۆژگاری دەکات لەو یانەیە بمێنێتەوە. دلپییرۆ لەو بارەوە گوتی «هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر پۆگبا ئێستا لە یوڤانتۆس بڕوات، ئەو بەلای کەمەوە پێویستە ساڵێکی دیکە لە گەڵ یۆڤی بمێنێتەوە، ئەگەر هەر یانەیەکی دیکە پارەیەکی چەند زۆریشی پێبدات، چونکە ئەو هێشتا بە تەمەن بچووکە، لەگەڵ یۆڤی و خولی ئیتاڵی راهاتووە، ئەگەر بەم تەمەنەوە بچێتە یانە و خولێکی دیکە، لەوانەیە سەرکەوتوو نەبێت».

### یاریزانە لاو و منداڵەکانی دەدزێت..

# ئینگلتەرا هەڕەشە لە دوارۆژی تۆپی پێی وێڵز دەکات

## وێڵزییەکان بۆ ئینگلیزەکانی ئینگلتەرا:
## یاریزانەکانمان هەر لە منداڵییەوە فێری سروودی نیشتیمانیی و خۆشەویستی وڵات دەکەین



رووداوی وەرزشی ـ THE TIMES

دای گریفیس، سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی وێڵز، مەترسی خۆی لە هەوڵی بەرپرسانی یەکێتی تۆپی پێی ئینگلتەرا نیشانداو رایگەیاند کە ئینگلیزەکان هەڕەشە لە ئایندەی تۆپی پێ لە وێڵز دەکەن، ئەویش لە رێگەی بەدواداچوونی چڕیان بۆ بەهرەمەندە هەڵکشاوەکانی وێڵز.

ئەو بەرپرسە وێڵزییە نیگەرانی خۆی لە هەوڵی دۆزەرەوانی ئینگلتەرا نیشاندا، کە هەوڵ دەدەن لە بنگوێی بەهرەمەندانی وڵاتەکەیان بخوێنن، بۆ ئەوەی بۆ هەڵبژاردەی ئینگلتەرا یاری بکەن، نەخاسمە دوای دەست بەتاڵ دەرچوونی ئەو دواییەی هەڵبژاردەکە لە پاڵەوانیەتی یۆرۆی 2016 و بێهیوابوونی جەماوەرەکەی.

دای گریفیس، لێدوانی بۆ رۆژنامەی THE TIMESی بەریتانی داو گوتی «لە لاوان تیپێکی باشمان هەیە، کە تەمەنیان لە خوارووی 17 ساڵییەوەیە، بەڵام بەداخەوە ئینگلتەرا بەردەوام لەو یاریزانانە ورد دەبێتەوەو چاودێریان دەکات، بۆ ئەوەی بزانێ دەتوانێ بیانڕفێنێ و بیانباتە ریزی هەڵبژاردەی ئینگلتەراوە».

بەرپرسی یەکەمی تۆپی پێی وێڵز، لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو و گوتی «لەم بارەوە ئاگامان لە هەموو شتێک هەیە، لەسەر ئێمەیە ئەو یاریزانانە بپارێزین و دەستیان پێوە بگرین، باوەڕیان پێبێنین کە گرنگە لە وڵاتەکەیان بمێننەوەو بەرگری لە تۆپی پێی وێڵز بکەن، نەوەک ئینگلتەرا». گریفیس رووی قسەکانی لە بەرپرسانی تۆپی پێی ئینگلتەرا کرد و گوتی «ئێمە هەموو یاریزانانی وێڵز بە هەموو تەمەکان، ناچار دەکەین فێری وشەکانی سروودی نیشتمانیی وێڵز ببن».

وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە وێڵزییەکان وەک ئینگلیزەکانی ئینگلتەرا نین، ئینتیما و خۆشەویستیان بۆ وڵاتەکەیان هەیە و لە پێناویدا کۆشش و قوربانی دەدەن، نەک بێباک و کەمتەرخەم». هەروەها گریفیس باسی لەوەشکرد «رۆڵەکانی ئاشلی ولیامز ئێستا لە قوتابخانە بە زمانی وێڵزی قسە دەکەن، ئاشلی بە سیستمی (چینی تەمەنەکان) رەت نەبووە، بەڵام زۆر لە یاریزانانی دیکە پێیدا تێپەڕیوون، هەتا ئەگەر لە وێڵزیش لەدایک نەبووبن و گەورە نەبووبن».

لە کاتی بەڕێوەچوونی یارییەکانی یۆرۆی 2016ش، گاریس بەیڵی ئەستێرەی وێڵزییەکان بە لێدوانێک هەستی یاریزانانی ئینگلتەرای بریندارکرد و هەرایەکی گەورەی نایەوە، کاتێک گوتی «یاریزانانی ئینگلتەرا هیچ خۆشەویستی و پەرۆشییەکیان بۆ هەڵبژاردەکەیان نییە، بۆیە کەسیان بۆ ئەوە دەستنادات لە ریزەکانی هەڵبژاردەی وێڵز یاری بکات، چونکە هەموومان هەڵبژاردەی وڵاتەکەمان خۆشدەوێ و لەپێناویدا تێدەکۆشین».

ئینگلتەرا و وێڵز سەر بە مەملەکەتی گەورەی بەریتانیان، بەڵام خاوەنی دوو کلتووری جیاوازن و ململانێ و دوژمنایەتییەکی مێژوویيان لەنێواندا هەیە، کە ئەو دوژمنایەتییە بۆ سەدەی 11ی زایینی دەگەڕێتەوە، کاتێک شا ویلیامی یەکەم هێرشی کردە سەر وێڵز و بەهێزی چەک داگیری کرد. ئینجا هێنایە ژێر رکێفی ئینگلیز و بەزۆر زمان و کلتوور و یاسای خۆی بەسەردا سەپاند، ئیدی لەو رۆژەوە وێڵزییەکان رقیان لە ئینگلتەرایە و بەچاوی دوژمن و داگیرکار سەیری دەکەن.

### بەنفیکا دووپاتیدەکاتەوە کە تەمەنی 19 ساڵە نەک 24 ساڵ..

# ئەنچیلۆتی بە دۆزینەوە سانچێز دڵخۆشە



**«کارلۆ ئەنچیلۆتی پێیوایە ریناتۆ سانچێز دیاردەیەکی دەگمەنە»**

**رووداوی وەرزشی ـ DW**

ئەو شتەی زیاتر سەرنجی کارلۆ ئەنچیلۆتی راهێنەری تازەی بایرن میونشنی ئەڵمانی لە یۆرۆ راکێشابێت، یاریزانی بەهرەمەندی پورتوگالی، ریناتۆ سانچێزە. ئایا ئەنچیلۆتی باشترین ئەستێرەی خۆی لە بایرن دۆزییەوە؟ ئەنچیلۆتی لە ستوونەکەی خۆی لە رۆژنامەی تەلیگرافی بەریتانی ئەوەی دووپاتکردەوەو نووسیویەتی «دڵخۆش دەبم راهێنان بەو یاریزانە تازەی بایرن بکەم، سانچێز ئەستێرەیەکی نایابە».

### دیاردەیەکی دەگمەن

لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رۆژنامەی کۆرییری دیلۆ سپۆرتی ئیتاڵی، ئەنچیلۆتی، سانچێز بە «دیاردەییەکی دەگمەن» وەسف دەکات، پاساویشی بۆ قسەکانی ئەوەیە»چێژم لە سەیرکردنی یارییەکانی لەگەڵ هەڵبژاردەی پورتوگال لە یۆرۆ بینی، جوولەی خێرایە و نەرمییەکی بەرز لە سەر و قاچەکانی دایە و دەتوانێت بوونی خۆی لەنێو یاریگەدا بسەپێنێت». لەوانەیە ئەو هۆکارە پاڵی بە کارگێڕی بایرنەوە نابێت 35 ملیۆن یۆرۆ، بەرامبەر ئەو یاریزانە بدەنە بەنفیکای پورتوگالی، کە لەوانەیە نرخەکەی بگاتە 80 ملیۆن یۆرۆ، چونکە ئەو رێککەوتنەی لەنێوان بەنفیکا و بایرن کراوە، بڕگەی ئەوەی تێدایە کە پێویستە بایرن تاوەکو 45 ملیۆن یۆرۆی دیکە بدات، ئەگەر سانچێز تاوەکو کۆتایی حوزەیرانی 2012 بتوانێت چەند دەستکەوتێکی دیاریکراو بەدەستبێنێت.

محەممەد شۆل، ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و شرۆڤەکاری وەرزشیی لە کەناڵی یەکی ئەڵمانیا دەڵێت «کارگێڕی بایرن لە ئەنجامدانی ئەو دەستەوارەیە هەڵەی نەکردووە، چونکە سانچێز ئازا و چاونەترسە، بایرن دەتوانێت پشتی پێ ببەستێت». فرانز بیکنباوەری ئەفسانەی ئەڵمانیش لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی بیڵدی ئەڵمانی رایگەیاند کە ئەو دەستەوارەیە سوودی بۆ بایرن دەبێت و لەو بارەوە گوتی «گەنجێکی چالاک و بزێوە، دەستخۆشی لە کارگێڕی بایرن دەکەم، بۆ ئەو دەستەوارەیە».

### سیفەتەکانی سانچێز

باڵای سانچێز 176 سانتیمەترە، لە راکردن و یاریکردن بە یاریزانان زۆر بەتوانایە، بێجگە لە چەندین بەهرەی دیکە، کە لە یاری پورتوگال بەرامبەر پۆڵەندا دەریانیخست، هەر ئەویش گۆڵی یەکسانبوونی بۆ پورتوگال تۆمارکرد، لوتکەی درەوشانەوەی لە کاتی لێدانی یەکلاییکەرەوە دەرکەوت، ئەو دەریخست لە کاتە ئەستەمەکان دەتوانێت بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆ بگرێت، لەبەرئەوەی ویستێکی بەهێزی هەیە، ئەو سیفەتانەش هەموویان لەگەڵ ئەو سیفەتانە هاوتان کە پێویستە لە یاریزانانی بایرن میونشندا هەبن.

### تەمەنەکەی تەواوە

دوای ئەوەی رۆژنامەکانی ئەڵمانیا گومانیان خستە سەر تەمەنی راستەقینەی ریناتۆ سانچێز، گوایە یاری بە تەمەنی خۆی کردووەو لە راستیدا تەمەنی 24 ساڵە نەک 19 ساڵ، زۆر بەدواداچوونی رۆژنامەوانی بۆ ئەو پرسە کران و گومان لای بەرپرسانی یانەی باڤاری دروست بوو، چونکە ئەو یاریزانەیان بە 35 ملیۆن یۆرۆ لە یانەی بەنفیکای پورتوگالی کڕیوە. بەڵام یانە پورتوگالییەکە هەموو ئەو گومانانەی رەتکردەوەو لە رێگەی کەناڵی تەلەڤزیۆنە فەرمییەکەیەوە گرتەیەکی ڤیدیۆیی سانچێزی بڵاوکردەوە کە بۆ ساڵی 2010 دەگەڕێتەوەو تێیدا لێدوان بۆ کەناڵەکە دەدات و ئەوکات تەمەنی تەنیا 13 ساڵە، بەمەش دەردەکەوێت کە لە ساڵی 2016دا تەمەنی سانچێز دەبێتە 19 ساڵ نەک 24 ساڵ.

# مارکەی CR7 لەنێو ئەڵمانەکاندا هەرا دەنێتەوە

**رووداوی وەرزشی ـ DW**

پزیشکێکی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بەهۆی بەکارهێنانی مارکەی CR7 لە پاڵەوانیەتی یۆرۆی 2016دا هەرایەکی گەورە لە ئەڵمانیا دەنێتەوەو بەهۆیەوە هەڵبژاردەی مانشافت رووبەڕووی لێشاوێکی رەخنە و گاڵتەجاڕی بووەوە؟.

وادیارە شەیدابوونی ئەستێرەی پورتوگالی کریستیانۆ رۆناڵدۆ، گەیشتووەتە نێو ستافی هەندێ هەڵبژاردەی بگەورە و بەناوبانگ، تەنانەت پاڵەوانی جیهانیش، ئەوەش لە هەڵسوکەوتی پزیشکێک لەنێو تیمی پزیشکی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لە یۆرۆی 2016 دەرکەوت، دوای ئەوەی شۆرتی مارکەی CR7ی لەپێکرد، ئەوەش هەرایەکی زۆری لە ئەڵمانیا نایەوە.

دوای تەواوبوونی کاتی بنەڕەتی یاری نێوان هەردوو هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا، لە قۆناخی چارەکی کۆتایی یۆرۆی 2016، کلاوس ئیدیێری تەمەن 62 ساڵان، کە وەک پزیشکی چارەسەری سروشتی لەگەڵ هەڵبژاردەی مانشافت کار دەکات، دەرکەوت دەرپێ کورتێکی لە مارکەی CR7 بازرگانی تایبەت بە رۆناڵدۆ لەپێبوو. ئەوەش ئەو کاتە ئاشکرا بوو، کە ئیدیێر خەریکی شێلانی باستیان شڤاینشتایگەری کاپتنی مانشافت بوو، کە لە یەکێک لە بەریەککەوتنەکانی ناو یاریدا کەوتە سەر زەوی و پێویستی بە چارەسەری پزیشکی هەبوو.


بە گوێرەی رۆژنامەی سپۆرتی کەتالۆنی، ئەو دیمەنە هەرایەکی گەورەی لە ئەڵمانیا ناوەتەوەو بە چەندین شێوە گاڵتە بەو پزیشکە و تەنانەت بە بەرپرسانی هەڵبژاردەکەش دەکەن، کە چۆن رێگە دەدەن ئەندامێکی شاندی هەڵبژاردەکە بەو شێوەیە مامەڵە بکات؟!.





KOREK

ژمارە (407)
سێشەممە 2016/7/12
ڕووداو وەرزشی



## مەحاڵە

سەرەڕای ئەوەی چەند یانەیەکی پرێمەرلیگ داوای گرێبەستکردن لەگەڵ ڕۆبن ڤان پێرسی یاریزانی هۆڵەندی یانەی فەنەربەخچەی تورکی دەکەن و هاوسەرەکەیشی رایگەیاندووە کە بێزارە لە ژیان لە تورکیاو حەزدەکات بگەڕێتەوە ئینگلتەرا، ڤیتۆر پێریرای ڕاهێنەری پورتوگالی یانە تورکییەکە بەهیچ شێوەیەک رازی نییە دەستبەرداری پێرسی ببێت. لەو بارەوە ڕۆژنامەی میلیتی تورکی نووسیویەتی «پێریرا دەڵێت مەحاڵە ڕێگە بە ڕۆیشتنی پێرسی بدەم، بەڵام لە راستیدا ئەو ناهەق نییە، چونکە دوای ڕۆیشتنی لویس نانی پورتوگالی بۆ ریزەکانی ڤالنسیای ئیسپانی، پێریرا نایەوێ هەردوو ئەستێرەی خۆی لەدەستبدات».

بەتایبەتی لە ئیسپانیا..

# لەبەرچی یاریزانان لە دانی باج را دەکەن؟!







ئا: رەمزی میرەکانی

لیۆنێل مێسی، تاکە یاریزان نییە بەمدواییە لە کێشەی نەدانی باج تێوەگلا بێت، لیستەکە درێژە و چەند یاریزانێکی دیکەی وەک نەیمار دا سیلڤای بەرازیلی، خافێر ماسکیرانۆی ئەرجەنتینی، چاپی ئەلۆنسۆ و ئیکەر کاسیاسی ئیسپانی و چەندانی دیکە لەخۆ دەگرێت.

قەیرانەکە زیاتر لەنێو یاریزانانی خولی ئیسپانیا، زیاتر لە وڵاتانی دیکە بوونی هەیە، ئەوەش بۆ سیستمی دانی باج دەگەڕێتەوە، یاریزانەکان هەر کاتێک گرێبەستەکان باشتر بوو، یان توانیان گرێبەستی ڕێکلامی گەورەتر بەدەستبێنن، کێشەیان لە دانی باج زیاتر دەبێت. لەوانەیە بگاتە دانی زیاتر لە 45%ی مووچەکانیان بۆ باج.

### یاسای باجدان لە ئیسپانیا

پێدەچێت ئەستێرەکانی تۆپی پێ، وەک ستەمکار لە یاسای دانی باج لە ئیسپانیا بڕوانن، بۆیە پەنا بۆ خۆدزینەوە دەبەن، بۆ ئەوەی ساڵانە چەند ملیۆنێک گڵ بدەنەوە، چونکە لەو ماوەی دواییدا ڕێژەی باجدان زۆر زیادی کردووە، بەتایبەتی بۆ ئەو یاریزانانەی ساڵانە زیاتر لە 300 هەزار یۆرۆ وەردەگرن، ئەوەش لە لالیگا بە زۆری بەرچاو دەکەوێ. وەزارەتی دارایی ئیسپانیا باجی داهاتی بەسەر چینی باڵای تاکەکان لە ساڵی 2016 سەپاندووە، ئەویش دانی نزیکەی 45% لە تەواوی ئەو مووچەیەی، لەو دەزگایەی وەریدەگرن کە تێیدا کار دەکەن، لەو حاڵەتەشدا ئەو یانەیەی دەبێت، کە یاریزانەکە یاری بۆ دەکات. بەڵام لەلایەکی دیکەوە بە بەهای 28% باج بەسەر ئەو پارەیە دەسەپێندرێت، کە لە خزمەتی کۆمپانیاکان دەستی دەکەوێ، ئەویش خۆی لە گرێبەستی سپۆنسەری و ڕێکلامکردن و ئەو جۆرە شتانە دەنوێنێت، ئەوەش پاڵیان پێوە دەنێت بۆ بەڕێوەبردنی گرێبەستی ڕێکلامکردنەکانیان، مامەڵە لەگەڵ کۆمپانیاکان بکەن. لە کۆتاییدا قەیرانەکە لەنێوان بەهای هەر باجێک دایە، زۆربەی یاریزانەکان هەوڵدەدەن یاری بە زانیاری سامانەکانیان بکەن، بەهای زیاتر لە خانەی گرێبەستی ڕێکلامکردن دابنێن و لە مووچەی بنەڕەتی خۆیان کەمی بکەنەوە، بەمەش بڕی دانی باجیان کەمتر دەبێتەوە، بۆیە بەزۆری کۆمپانیاکان لەجیاتی ئەوان ئەو کارە دەکەن، کە بەزۆری موڵکی خودی یاریزانەکانە، هاوشێوەی نەیماری بەرازیلی و باوکی.

### یاسای بێکهام

هەوڵەکانی دەستکاریکردنی یاریزانانی بیانی لە ئیسپانیا، بۆ هەستکردنیان بەو جیاوازییە گەورەی نێوان باجەکانیش دەگەڕێتەوە، ئەوەی ساڵانی پێشوو و ئەوەی ئێستا دەیدەن. ئیسپانیا لە سەرەتاکانی ساڵی 2003 هەوڵیدا یاسای باجدان سەبارەت بە بیانییەکان هەموار بکاتەوە، ئەوەش ڕێکەوتی نزیکبوونەوەی گرێبەستکردنی ریال مەدرید لەگەڵ یاریزانی ئینگلیزی دێڤید بێکهامی، لە یانەی مانچستەر یونایتدەوە کرد. حکومەتی ئیسپانیا هەوڵی بۆ ڕاکێشکردنی بەهرەمەندی بیانی لە هەموو بوارەکان دەدا، بەڵام بەهۆی ئەو هەرایەی پێش دانانی یاساکەو گرێبەستکردنی ریال مەدرید لەگەڵ بیکهام دروستبوو،ماڵپەرە وەرزشییەکانی ئەوکات ناوی «یاسای بێکهام»یان لە هەمواركردنەوەی برگەکانی یاسای باجی ئیسپانیا نا. لە دەقی یاساکەی ئەوکات هاتبوو، ئەو بیانیانەی بە گرێبەستی کارکردن دێنە ئیسپانیاو ماوەی 10 ساڵ لە وڵات نامێننەوە، دەتوانن بە ڕێژەی تەنیا 24% باج لەسەر داهاتەکانیان بدەن، بەڵام ئەو یاسایە ساڵی 2012 ڕەتکرایەوە.

# TOUR DE FRANCE

# ئاوات و خەونی هەموو پایسکلسواران

**ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە**
**موحسین عەزیز ئەحمەد***

گەشتی پێشبڕکێی پایسکلسواری وەک وەرزشێکی گرنگ لە سەرانسەری دونیا بایەخێکی زۆری پێدەدرێ، بەتایبەت لە ئەوروپا، کە ئەم وەرزشە سەرنجی خەڵکێکی زۆر لە گەشتیارانی جیهانی بۆ خۆی ڕاکێشاوەو ساڵانە گەشتیاران پشووەکانی خۆیان بۆ ئەم کاتە دەستنیشان دەکەن و لە هەموو وڵاتانی جیهانەوە ڕوو لە فەرەنسا دەکەن بۆ بینینی ئەم پاڵەوانیەتییە و زۆربەی کەناڵەکانی جیهانی رووماڵی ئەم پێشبرکێیە دەکەن.

حکومەتی فەرنسا گرنگییەکی بێوێنەی بە کەرتی گەشتیاری داوەو بودجەیەکی گەورەشی بۆ تەرخانکردووە، ئەم پاڵەوانیەتییە یەکێکە لە هەرە پاڵەوانیەتییە گرنگەکانی جیهان، کە پێیدەگوترێت «گەشتی پێشبڕکێی پایسکلسواری فەرەنساTOUR DE FRANCE».

ئەمساڵیش وەک ساڵانی رابردوو پێشبڕکێیەکە لە 2016/7/2 دەستپێکردو لە 2016/7/23 کۆتایی دێت، 23 تیم، کە هەر تیمێک لە 9 یاریزان پێکهاتووە، بەشداری پێشبڕکێیەکەن و لە 21 قۆناخدا ماوەی 3500 کیلۆمەتر دەبڕن. 9 قۆناخ راستاییە و 7 قۆناخیش بەرزاییەو لە چیاکانی فەرەنسا ئەنجام دەدرێن. هەروەها 3 قۆناخیشی مامناوەندییە، واتە بەرزایی و راستاییە، قۆناخێکیش دژی کاتە بە یەک یاریزان، واتە (فردی چد الساعە)، قۆناخێکیش بە تیم دژی کاتە، (فرقی چد الساعە). لەم ماوەیەدا تەنیا 2 ڕۆژ پشوو دەبێت.

ئەمساڵ پێشبڕکێی ژمارە 153هەمینە ئەنجام دەدرێت، واتە 153 ساڵە ئەم پاڵەوانیەتییە بەردەوامەو باشترین یاریزانانی جیهانیش بەشداری تێدا دەکەن.

ساڵانە ئەم پاڵەوانیەتییە هەر لەناو فەرەنسا ناکرێت، بەڵکو بەشێکی زۆری لەناو خاکی فەرەنسا و ئینجا بەرەو بەشێکی وڵاتانی دراوسێ دەڕوات، وەک ئیسپانیا، سویسرا، ئیتاڵیا، بەلجیکا، بەریتانیا، هۆڵەندا، ئەڵمانیا و ئینجا دووبارە دەگەڕێتەوە ناو فەرەنساو شاری پاریس دوا وێستگەیان دەبێت و لە شەقامی بەناوبانگی شانزلیزێ کۆتایی دێت.

یەکەم هەنگاوی پاڵەوانیەتی ئەمساڵ لە شوێنێکی گەشتوگوزار لە شاری لیمۆن سان میشێل دەستپێکرد و بە لێواری کەناری دەریای نورمەندی تێپەڕی، ئینجا ڕوو لە شارەکانی باشووری کردو بەچەند شارێک تێپەڕ دەبێت لەوانە شاری تولۆز و ئینجا دوو هەنگاو بەناو خاکی ئیسپانیا تێدەپەڕێت و دێتەوە ناو فەرەنسا، 7 هەنگاوی دیکە لە شارەکانی باشووری فەرەنسا ئەنجام دەدرێت و دەچێتەوە ناو خاکی سویسرا، ئینجا بە فرۆکە هەموو تیمەکان دەگوازرێنەوە پاریس و لە شەقامی شانزلیزێ لە پاریس کۆتای دێت.

### بیرۆکەی دەستپێکردنی یەکەم

یەکەمین ڕۆژنامەی وەرزشیی لە فەرەنسا لە کۆتایی سەدەی 19، ڕۆژنامەی لی ڤێلۆ LE VELO بوو، کە ڕۆژانە 80 هەزار دانەی لێدەفرۆشرا.

کێشە و ناکۆکییەک لەسەر سەربازێک بە ناوی ئەلفرید دریفوس ALFRED DREYFUS ڕوویدا، کە بە فرۆشتنی زانیاری نهێنی بە ئەڵمانەکان تاوانبارکرا بوو، لە پاشان بێگوناح دەرچوو. ڕۆژنامەی لیڤێلۆ داکۆکی لە دریفوس دەکردو پێیوابوو بێگوناحە کەچی هەندێک بڵاوکەرەوەی گەورەی دیکە، لەوانە ئەلبێرت دی دیۆن، خاوەنی دی دیۆن بۆتۆنی کۆمپانیای ئۆتۆمبێل پێیوابوو دریفوس تاوانبارە. کێشە و هەڵچوون کەوتە نێوان بڵاوکەرەوەکان و پیر گیفاردی سەرنووسەری ڕۆژنامەکە. ئیدی دوای ئەوە بڵاوکەرەوەکان دەستیانکرد بە دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی رکابەر بە ناوی لی ئۆتۆ.

ڕۆژنامەی لی ئۆتۆ دەستیکرد بە پڕوپاگەندەکردن بۆ گەشتێکی پایسکلی بەنێو فەرەنسادا. ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە ململانێ لەگەڵ (گەشتی پایسکلسواری برێست - پاریس) بکات کە لەلایەن گیفاردەوە ڕێکخرا بوو. بیرۆکەی گەشتێکی پایسکلی بەنێو فەرەنسادا لەلایەن ڕۆژنامەنووسی لی ئۆتۆ و سەرۆکی پایسکلسواری، گیۆ لیفێڤری تەمەن 26 ساڵەوە خرایەڕوو. گیۆ لیفێڤری لەگەڵ سەرنووسەری ڕۆژنامەکە لە 1902/11/20 گفتوگۆی ئەو بیرۆکەیان کرد. ڕۆژنامەی لی ئۆتۆ لە 1903/1/19 گەشتەکەی ڕاگەیاند.

### سەرەتای پێشبڕکێ

سەرەتا بەرنامەی پێشبڕکێیەکە بۆ ماوەی 5 هەفتە بوو لە 31ی ئایار تاوەکو 5ی تەممووز. ئەو ماوەیە بۆ زۆربەیان جێگەی ترس و گومان بوو. لە پێشدا تەنیا 15 پایسکلسوار بڕیاری بەشداری کردنیاندا، لە پاشان ماوەکەی کورت کرایەوە بۆ تەنیا 19 ڕۆژ و مێژووی دەستپێکردنی پێشبڕکێیەکەشی گۆڕی بۆ 1ی تەممووز تاوەکو 19ی تەممووز، لەگەڵ پێدانی مووچەیەکی ڕۆژانە. ئیدی ئەمجارە 60 پایسکلسوار هاتنە پێش بۆ بەشداریکردن، کە ئەوانە تەنیا کەسانی پیشەگەر نەبوون، بەڵکو کەسانی ئارەزوومەندیشی تێدابوو، هەندێکیان بێکار بوون و هەندێکێش تەنیا حەزیان لە سەرەڕۆی بوو. داخوازی زۆری پێشبڕکێکە (کە تێکڕایی گەشتەکەی بە 400 کیلۆمەتر مەزەندە دەکراو بۆی هەبوو لە شەویشدا بەردەوام بێت) سەرنجی خەڵکەکەی ڕاکێشا. بەو هۆیەشەوە فرۆشی ڕۆژنامەی لی ئۆتۆ لە 25 هەزار دانە بۆ 65 هەزار دانە بەرزبووەوە، لە گەشتی ساڵی 1908 گەیشتە چارەکە ملیۆنێک، لە گەشتی ساڵی 1925 بوو بە 500 هەزار دانە، لە گەشتی ساڵی 1933 گەیشتە 854 هەزار دانە.

لە گەشتی ساڵی 1939 بەهۆی کێشە سیاسییەکانی بەر لە شەڕی جیهانی دووەمەوە تیمەکانی ئیتاڵیا، ئەڵمانیا و ئیسپانیا بەشداریان نەکرد، پاشان ئەو گەشتە تاوەکو ساڵی 1947 ئەنجام نەدرا، هەرچەندە لەو ماوەیەدا پێشبڕکێی دیکە ئەنجامدران.

ئەمڕۆ ئەم گەشتە لەلایەن (کۆمەڵەی گەشتێک بەنێو فەرەنسادا) ڕێکدەخرێ، کە ئەویش لەلایەن ڕێکخراوی ئەماوری وەرزشیی کۆمەکی دارایی دەکرێت، کە بەشێکە لە گرووپی میدیاو خاوەنەکەی ڕۆژنامەی لیکیپە. لە وڵاتانی ئەوروپا بایەخێکی زۆر بەم پێشبڕکێیە دەدرێت و لایەنگرێکی زۆری هەیە، خەڵکێکی زۆریش لە هەموو وڵاتانی ئەوروپا ڕوودەکەنە فەرەنسا بۆ بینینی ئەم پێشبڕکێیە.

### میکانیزمی پێشبڕکێیەکە

لەم پێشبڕکێیەدا هەر یاریزانێک کەمترین کات و زۆرترین خاڵ بۆ خۆی تۆماردەکات و دەتوانێت بە کۆی گشتی یەکەمی ئەم پاڵەوانیەتییە بێت، ئەگەر یەکەمیش نەبووبێت لە قۆناخەکانی پێشبڕکێیەکە. وەک یاریزانی ئەمەریکی گریک لیمۆن، کە لە ساڵی 1990 لە هیچ قۆناخێکدا یەکەم نەبوو، بەڵام کەمترین کاتی هەبوو لە کۆی هەموو قۆناخەکاندا و بووە پاڵەوانی پێشبڕکێیەکە.

لە قۆناخی یەکەمەوە هەر کەسێک کەمترین کاتی هەبێت دەبێت بە پاڵەوانی ئەم قۆناخەو درێسی زەردی پێدەبەخشرێ و لە ڕۆژی دواتر لەبەری دەکات و وەک باشترین یاریزان لەنێو یاریزانەکان دیار دەبێت. تاوەکو کۆتایی قۆناخەکان درێسی زەرد بە کۆی گشتی بە باشترین یاریزانی پێشبڕکێیەکە دەدرێت. ئەگەر خاوەن درێسی زەرد لە هەر قۆناخێک بەدوا بکەوێت یەکێکی دیکە لەو باشتر بێت، درێسە زەردەکەی ئەو وەردەگرێت. درێسی سەوزیش بە باشترین یاریزانی سپرینت SPRINT دەدرێت لە راستاییدا، کە لەنێوان پێشبڕکێیەکەدا دوو شوێنی تایبەت دیاری دەکەن بۆ سپرینت.

درێسی سپیش بە باشترین یاریزانی خوار تەمەنی 22 ساڵی دەدرێت. درێسی سپی خاڵی سوور بە باشترین یاریزانی سەرکەوتووی بەرزاییەکان و چیاکان دەدرێت. لە هەمانکاتیشدا یاریزانەکان کاتیان بۆ تۆمار دەکرێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خاڵەکانیان کۆدەکرێنەوەو دیاری بەنرخش بەسەریاندا دابەش دەکرێت.

### ڕێکخستن و رووماڵکردن

لەم پێشبڕکێیەدا نزیکەی 5000 کەس ئەرکیان پێدەسپێردرێت، لەوانە: 5 تاوەکو 6 هەلیکۆپتەر، 30 تاوەکو 40 ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن، 60 تاوەکو 70 ماتۆرسکلیش بۆ پاراستنی یاریزانەکان و دادوەر و وێنەگرەکان. 20 تاوەکو 25 ئۆتۆمبێلی گەورەش بۆ گواستنەوەی کەلوپەلی ڕێگاکە دابینکراون. 5 ئۆتۆمبێلی گەورە کە شاشەی گەورەی تەلەڤزیۆن هەڵدەگرن و ڕاستەوخۆ پێشبڕکێیەکە بە بینەران دەگەینن، لەگەڵ گەشتەکە هەر ڕۆژێک لە شارێک دەبن. نزیکەی 80 تاوەکو 90 وێنەگری تەلەڤزیۆنی بەشداری تێدا دەکەن بۆ وێنەگرتن و پەخشکردنی ڕاستەوخۆ، هەروەها 150 تاوەکو 200 وێنەگری فۆتۆگرافیش بەشداری تێدا دەکەن.

**بەڕێوەبەری چالاکی وەرزشیی زانکۆی سۆران**





## لایدەبات

ڕۆژنامەی میرۆری بەناوبانگی ئینگلیزی ئینگلیزی نهێنییەکی لەسەر خۆزێ مۆرینیۆی ڕاهێنەری نوێی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی ئاشکراکردو ڕایگەیاند کە یەکێک لە کارە پێشینەکانی ئەو ڕاهێنەرە پورتوگالییە لابردنی هەموو شتێکە کە پەیوەندی بە لویس ڤان گالی ڕاهێنەری پێش خۆیەوە هەبێت و نووسیویەتی «یەکەم هەنگاوی مۆرینیۆ لەوە دەستپێبکرد کە بڕیاریدا هەموو ئەو کامێرانە لاببەن کە ڤان گال بۆ چاودێریکردنی هەڵسوکەوتی یاریزانەکانی لە کاتی مەشقەکاندا دایناببوون و بێگومان کاری دیکەشی بەدواداتێ بۆ سڕینەوەی هەموو ئاسەوارەکانی ڤان گال».



ڕێبوار محەممەد

## یۆرۆی سانتۆس ئینجا ڕۆناڵدۆ

بەوەدا ناچمەوە کە پۆرتوگال نازناوی یۆرۆی بردەوە و تا ئێستا جیهان سەرمەستی ئەو سەرکەوتنە مێژووییەی بەرازیلی ئەورووپایە. بەوەشدا ناچمەوە کە لە یارییەکەدا چی ڕوویدا و چۆن پۆرتوگالییەکان نازناوەکەیان دەستبەر کرد. ئەوەی بۆ من جێگەی هەڵوەستەیە لەم چەند دێڕەدا دوو خاڵە، یەکێک فێرناندۆ سانتۆس و ئەویدیکە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ.

### ئەندازیاری پەیوەندییەکان

لەوانەیە کەم کەس ئەوە بزانێت کە فێرناندۆ سانتۆسی ڕاهێنەر، لە بنەمادا ئەندازیاری پەیوەندییەکانە، زۆرینەی تەمەنی ڕاهێنەرێتی لە یۆنان بەسەربردووە و لەگەڵ چەندین یانەدا کاریکردووە، 5 وەرز نازناوی باشترین ڕاهێنەری خولی یۆنانی بەدەستهێناوە و ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئەو وڵاتەش بووە.

سانتۆس بە ئەزموونی 30 ساڵەوە، ڕووی لە یۆرۆی 2016 کرد و نازناوەکەی بردەوە. ئەوەی ئەو ڕاهێنەرە لە پاڵەوانیەتییەکەدا کردی، دروستکردنی هەڵبژاردەیەک بوو لە نێو پاڵەوانیەتییەکەدا. چونکە ئەو پۆرتوگالەی لەوێ دەرکەوت، جیاواز بوو لەو پۆرتوگالەی پێشتر خۆی پێشاندابوو.

سانتۆس زیرەکترین و زۆرزانترین ڕاهێنەری یۆرۆ بوو، ئەو لەسەرەتاوە تا کۆتایی پشتی بە توانای تەکتیک و جێبەجێکردنی پلانەکانی لە یارییەکاندا بەست. لەسەرەتاوە وا هێنای کە لە گێمی یەکەمی یارییەکاندا چاوەڕێی دەرکەوتن و ئاشکرابوونی تیپەکانی بەرامبەری بوو، دواتر خاڵە لاوازەکانی دەستنیشاندەکرد و بەهۆیەوە بردنەوەی بەدەستهێنا.

سانتۆس بەپێکهاتەیەکی جێگیرەوە دەرنەکەوت، بۆ هەر یارییەک گۆڕانکاری بەپێی توانای تیپی بەرامبەر دەکرد و پێکهاتەکەی دادەنا، هەر بۆیەش لە ناوەڕاستی پاڵەوانیەتییەکەدا بەهای ریناتۆ سانچێزی بۆ دەرکەوت و دواتر جارێکی دیکە هێزی کوارێسمای ئاشکراکردەوە و لە کۆتاییشدا بە ئیدێر نازناوەکەی بەدەستهێنا.

### ڕۆناڵدۆ

دۆن خۆی کردە پاشای جیهان، بەو نازناوەی یۆرۆ کۆتایی بە گومانەکان لەسەر خۆی هێنا، فرمێسکەکانی جیهانیان ڕاگرت، لەوێ پێشانیدا گریانی بۆ خۆی نییە هێندەی بۆ هەڵبژاردەکەیەتی.

ڕۆناڵدۆ زۆر پێویستی بەو نازناوە هەبوو، بۆ پێشکەوتن لە کێبڕکێی لەگەڵ مێسیدا، بەڵام لەوە گرنگتر پێشاندانی بەهای خۆی بوو لە دەرەوەی یاریگە.

کریستیانۆ لە ناوەڕاستی گێمی یەکەمەوە یاریگەی بەجێهێشت، بەڵام وەک خۆی دەڵێ بەرگەی ئازارەکانی گرت و هاتەوە ناو یاریگە، بەڵام لەسەر کورسی یەدەگ، لەوێ هانی هەمووانی دەدا، گەرمیدەکردن، چەپڵەی بۆ لێدەدان و ڕێنوێنی دەدانێ تا یاری بکەن و بگەنە نازناوەکە.

ئاساییە ئەگەر بڵێم کاریگەریی ڕۆناڵدۆ لەسەر کورسی یەدەگ، هیچی کەمتر نەبوو لە کاریگەرییەکەی لە ناو یاریگادا، چونکە گەر لە یاریگەدا خۆی گۆڵی بکردایە، لە دەرەوە ئیدێری هاندا بۆ گۆڵکردن، ئەگەر لە یاریگەدا تەنیا بە قسە بیتوانیایە هاوڕێکانی بەرەو بردنەوە ببات، لە دەرەوە بە فرمێسکەکانی هەموویانی شەرمەزارکرد و پێیگوتن شورەییە نازناوەکە نەبەنەوە.

ئەگەر لە یاریگەدا بەچاوی یاریزان سەیری یارییەکەی بکردایە، لە دەرەوە بەچاوی ڕاهێنەر سەیریکرد، هێندەی سانتۆس بەتەنگ سەرکەوتنی هاوڕێکانییەوە بوو، هێندەی هەمووان لە خەمی بردنەوەی نازناوەکەدا بوو.

جۆش و خرۆشی ڕۆناڵدۆ لەسەر کورسی، پێشتر لە ڕیال مەدریدیش بینراوە، ئەوە دیمەنی جۆش و خرۆشەکانی دییگۆ سیمیۆنی و ڕاهێنەرە گەنجەکانی ئێستای بیرهێنامەوە، دەبێ ئەگەر دۆن ببێتە ڕاهێنەر چ کاریگەرییەکی دەروونیی لەسەر یاریزانەکانی دروست بکات؟

## 5 ساڵە دەست بە یاری تۆپی پێ کردووە..

# گۆڵپارێزی ئایسلاندا دەرهێنەری سینەمایە

**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**



هانیس هالدورسۆن، گۆڵپارێزی سەرەکی هەڵبژاردەی ئایسلاندا لە یۆرۆی ئەمساڵدا، دەرفەتی بۆ ڕەخسا مێژوویەکی گەش لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی لە یۆرۆی 2016 دروست بکات، هەرچەندە ئەو تۆپی پێی وەک پیشەگەر وەرنەگرتووە، چونکە لە بنەڕەتدا ئەو دەرهێنەر و بەرهەمهێنەرێکی سینەماییە.

چیرۆکی هالدورسۆن لەگەڵ تۆپی پێ تەنیا 5 ساڵ پێش ئێستا دەستپێکردووە، ئەو سەرەتای کاروانی وەرزشیی بە مێردمنداڵی و هەرزەکاری نەبووە، بەڵکو بە پیاوی و ژیانێکی پیشەگەری سەرکەوتوو دەستپێکردووە، هانیس تۆپی پێی تەنیا وەک ئارەزوو وەرگرتووە. دەرفەتی بۆ ڕەخسا کاتێک یانەی ساندنیسی نەرویجی یەکەم گرێبەستی پیشەگەریی پێشکەشکرد، ئەوەش دوای یارییەکی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئایسلاندا بەرامبەر کرواتیا بوو، هالدورسۆن بۆ پارە یاری نەدەکرد، چونکە ئەو ژیانێکی خۆشی هەیە بەهۆی کارکردنی لە جیهانی هونەر و سینەمادا. هالدورسۆن، دوور لە تۆپی پێ هەندێ ناوبانگی بەدەستهێناوە، ئەویش لە میانی بەشداریکردنی لە بەرنامەیەکی خۆارکی بەناوبانگ (یۆرۆفیگن) لە ساڵی 2012، گۆرانییەکی بەشێوەی ڤیدیۆ کلیپ دەرهێنا، کە بە یەکێک لە باشترین کلیپەکانی ئەو وەشانەی بەرنامەکە هەڵبژێردرا، گۆرانیەکەش بە ناونیشانی «لەبیر مەکە» بوو.

هاوتا لەگەڵ کارە هونەرییەکانی هالدورسۆن تێکەڵاوی ژیانی پیشەگەریی، وەک یاریزانێکی تۆپی پێ بوو، چووە ریزەکانی یانەی نیمیجای هۆڵەندی، بەڵام دەرفەتی یاریکردنی بۆ نەڕەخسا، گەڕایەوە نەرویج لەویکاتەوە تاوەکو ئێستا گۆڵپارێزی یانەی بۆدۆ جیلمتە. هالدورسۆن بەنیاز نییە زۆر لە نێو یاریگەکان بمینێتەوە، دوای بەشداریکردنی شەرەفمەندانەی لە یۆرۆ، پەرۆشی خۆی لە تۆپی پێ تێرکردو دەیەوێ بگەڕێتەوە سەر کورسی دەرهێنەر لە پشت کامێراوە.

پێشبڕکێ



**به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە**

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

**0750 833 3555**



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

قارەمان خدر لە هەولێر

بە لێدوانی:

**( گریانەکەت مێسی بیرهێنامەوە )**

## 3 LOTTO پەنجاهەمین پێشبڕکێ

ڕووداو وەرزشی

ژمارە (407) سێشەممە 2016/7/12

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ..............................

مۆبایل : ..............................

(ڕووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە




RÛDAW
www.rudaw.net
(ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە